Kurdish Human Rights Association

Komeley Mafî Mirovî Kurd

کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کورد لە ئۆرووپا

# ڕاپۆرتی مانگانەی پێشێل کاری مافی مرۆڤ لە کوردستانی ئێران

# ڕاپۆرتی مانگی ژانویە



www.kmmk.info
ژانویەی ۲۰۰۹

- ئەم ڕاپۆرتە، ڕێژەی پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ئێران لە مانگی ژانویەی ساڵی ٢٠٠٩ دا نیشان دەدات.
- ئەم ڕاپۆرتە لە چەند سەرچاوەی باوەڕ پێکراوەوە بە دەست هاتووە:

١- سەرچاوەکانی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کورد لە کوردوستان
٢- ناوەندی هەواڵی تەلەڤزیۆنە کوردیەکان
٣- ئەو ماڵپەڕانەی هەواڵی کوردستان بڵاو دەکەنەوە.
٤- ڕاپۆرت و هەواڵی ڕێکخراوەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات.

- کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کورد لە ئۆرووپا سپاسی ئەو کەسانە دەکا کە لە نووسینی ئەم ڕاپۆرتە دا یارمەتیان داوین.
- وەرگێرانی ئەم ڕاپۆرتە بە زمانی ئینگلیزی و سویدی، دەدرێتە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ.
- کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کورد لە ئۆرووپا، ڕێکخراوەیەکی سەبت کراو لە وڵاتی سویدە کە لە هەندێ وڵاتی ئۆرووپاییش لقی تایبەتی هەیە.

پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کورد لە ئۆرووپا
٠٠٤٦٧٦٣٤٧٠٠٦٩
info@kmmk.info

Kurdish Human Rights Association
Komeley Mafî Mirovî Kurd

پێنج شەممە ٠٩-٠١-٠١

١- تۆپبارانی تۆپخانەکانی ئێران کە مانگێک پێش ئێستا دەستی پێ کردبوو، ئەمڕۆش بەردەوام بوو. ئەم تۆپبارانە بۆتە هۆی لە بەین چوونی ژینگە و زەرەر و زیانی گوندنشینانی بناری قەندیل لە ناوچەکانی سەردەشت، پیرانشار و شنۆ.[١]

٢- گیراوێک بە ناوی عومەر کەریم شەریف، خەڵکی باشووری کوردستان، کە ماوەی ٩ ساڵە لە زیندانەکانی رژیمی ئێراندا ڕاگیراوە، مەترسی لەسێدارەدانی لەسەرە.[٢]

٣- کاسبکارێکی کورد لە شاری پیرانشار و لە نزیک ناوچەی کانی خۆدا، لە کەمینی هیزەکانی ئینتیزامی کەوتووە و لە ئەنجام دا بە گوللەی هێزەکانی ڕژیم کوژراوە. ئەو کاسبکارە کوردە خاوەنی ژن و سێ منداڵی بچووکە.[٣]

٤- ئەمڕۆ ڕاگەیێندرا کە ڕۆژی دوشەممەی ڕابردوو ژمارەیەک لە هێزەکانی ئینتیزامی هێرشیان کردووەتە سەر کاسبکاران و لە ئەنجام دا لە نێوان کاسبکاران و هێزەکانی ڕژیم، ئاڵۆزی هاتووەتە ئاراوە.[٤]

٥- لە شاری نەغەدە هێزەکانی ڕژیمی ئێران لە پاسگای ناوەندی ئەو شارەوە، هێرشیان کردووەتە سەر کاسبکارانی دەستفرۆشی کورد لە فەلەکەی ژاندەرمەری و هاوکات لە گەڵ هێرش و دەست بە سەر داگرتنی کەرەسەکانی کاسبکاران، دەستیان کردووە بە لێدان و کوتانی کاسبکارێک بە ناوی عەلی کوڕی ئیبراهیم، ناسراو بە عەلی ئیبراهیمە بۆر. ئەو کاسبکارە کوردە دوای لێدان و سوکایەتی لە لایەن هێزەکانی ڕژیمەوە، هەموو کەرەستەکانی دەستیان بە سەر داگیراوە و دواتریش دەستگیر کراوە.[٥]

٦- دوو کەسی خەڵکی شاری مەهاباد بە ناوەکانی هێمن سوفی و جەلال سۆفی لە لایەن دادگای شوڕشی ئەو شارەوە بە تۆمەتی هاوکاری پارتیەکی کوردی، هەریەکەیان بە ٦ مانگ زیندان و یەک ساڵ و نیو زیندانی هەڵواسراو بۆ ماوەی ٣ ساڵ حکوم دران.[٦]

٧- سێ کەسی خاڵکی شاری ورمێ بە ناوەکان: سەلاحەدین پیرویی، لەتیف شەرافەت و عەبدول واحد عەبدوڵازادە بە تۆمەتی هاوکاریکردنی پارتیەکی کوردی هەر یەکەیان بە ٢ ساڵ زیندان حوکم دراون و ئیستاکە لە گرتووخانەی شاری ورمێ ڕاگیراون.[٧]

---

١ ئاژانسی دەنگووباسی فرات نیوز
٢ ڕێکخراوی چالاکانی مافی مرۆڤی ئێران
٣ ڕێکخراوی خوێندکارانی پارێزەرانی مافی مرۆڤی کوردستان
٤ ڕێکخراوی خوێندکارانی پارێزەرانی مافی مرۆڤی کوردستان
٥ ناوەندی دەنگووباسی نەورۆز تیڤی
٦ ئاژانسی موکریان نیوز
٧ ئاژانسی موکریان نیوز

٨- یەکەم دادگایی کردنی ئەو خویندکارانەی کە لە سالّی ١٣٨٢ هەتاوی لە زانکۆی کرماشان دا بەشداریان لە چالاکییەکانی ئەو زانکۆیەدا کردبوو، پاش ٥ سال تیپەڕبوون بەرێوە دەچێت. ڕۆژی یەکشەمەی ڕابردوو، لە دادگای کرماشان یەکەم دانیستنی دادگاییەکە بەرێوە چوو. دانیشتنەکانی تری دادگا، بۆ مانگێکی تر دوا خران.[٨]

---

جومعە ٠٩-٠١-٠٢

١- گوڤاری خویندکاری تاقەوسان بە بەڕیەبەرایەتی، ئەشکان مسەیبیان بە هوێ شکایەتی ئەنجومەنی کولتووری زانکوێ ڕازی بە فەرمانی جێگری خوێندکاری زانکوێ ڕازی و سەروکی کومیتەی چاوەدێری لە سەر بلّاوکراوە خوێندکاریەکانی ئەو زانکوێە، عەلی بید مشکی پوور، ڕاگیرا.[٩]

٢- هەڵمەتی کۆکردنەوەی ماهوارە لە شاری ئابدانانی سەر بە ئەیالەتی ئیلامی ڕوژهەلّاتی کوردستان، دەستی پێکرد. ئەو کەسانەی کە ماهوارەیان لێگیراوە، لە لایەن دادگای ڕژیمەوە جەریمەی پوڵیان بۆ دیاری کراوە.[١٠]

٣- گەلّالّەی سەربازی کردنی بە زۆرە ملێی لە ڕوژی سێ شەمەوە لە شاری سنە دەستی پێکردووە و تێیدا هێزەکانی ڕژیم بە راگرتنی جەوانان ،داوای کارتی سەربازیان لێ دەکەن و ئەگەر جەوانێک کارتی سەربازی نەبێت ئەوە دەستگیر دەکرێت و بە بێ ئاگاداری بنەماڵەکەی بە زۆرە ملێیی ڕەوانەی سەربازی دەکرێن. هەر لەم پێوەندییە لە گەڕەکی هەژارنشینی،عەباس ئاوای سنە، لانی کەم ٢٤ جەوان دەستگیر کران.[١١]

Kurdish Human Rights Association
Komeley Mafî Mirovî Kurd

٤- دوو کەسایەتی ئایینی سوونی، لە بەندی تاوانەکانی قەتڵ و مادە هۆشبەرەکان زیندانی کراون. ئەم دوو کەسایەتییە ئایینیە بە ناوەکانی سەیفوڵلّا حسێنی و حسێن حسێنی بە تاوانی "دژایەتی ئەمنیەتی ولّات" بە ٣٠ و ١٠ مانگ زیندان و ٣ سالّ و ٦ سالّ دوورخرانەوە بۆ ئیسفەهان و زەنجان سزا دراون.[١٢]

٥- بە تێپەڕبوونی زۆرتر لە ٢٠ رۆژ لە گیرانی مێهدی حەمیدی، چالاکی ئەدەبی و فەرهەنگی لە کرماشان، هێشتا زانیاری لە شوێنی گیرانی ناوبراو لە دەس نییە. وێڕای پێداچوونەوە لە لایەن بنەماڵەی مێهدی حەمیدی، هێشتا نەیانتوانیوە چاویان بە کوڕەکەیان بکەوێت یا تەنانەت پێوەندی تەلەفوونیشیان هەبێت.[١٣]

---

[٨] کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کورد لە ئۆرووپا
[٩] هەواڵنێری ئەمیر کەبیر
[١٠] ماڵپەری ڕۆژهەڵات
[١١] ئاژانسی ئێران خەبەر
[١٢] هەواڵنێری چاودێری مافی مرۆڤی کوردستان
[١٣] هەواڵنێری چاودێری مافی مرۆڤی کوردستان

٦- کارگای بەرهەمهێنانی دۆشاوی تەماتەی خۆڕەمدەشت لە شاری دێهگۆلان لە پارێزگای سنە، داخرا. ٢٥ کرێکاری ئەم کارگایە، ٢٥ مانگە کە مووچەیان وەرنەگرتووە.[١٤]

٧٧- کارگای بەرهەمهێنانی تراکتۆری کوردستان لە شاری سنە، ٥ کرێکاری خۆی دەرکرد. دەگوترێ کە ژمارەیەک کرێکاری دیکە لەم کارگەیە دەردەکرێن.[١٥]
٧

٨- فەرید سەفاری، چالاکی مەدەنی لە شاری سنە گیرا. ناوبراو ئەندامی رێکخراوەی شاهۆ لە شاری سنەیە کە لە بواری فەرهەنگی چالاکە.[١٦]

---

شەممە ٠٩-٠١-٠٣

١- چوار کاسبکاری کورد لە سنووری نێوان باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە لایەن هێزەکانی ڕژیم دراونەتە بەر دەستڕێژی گوللە و لە ئەنجام دا چەند کەسیان بریندار بوون و چەند کەسیشیان کوژراون. هەر لەم چوارچێوە کاسبکارێکی خەڵکی شاری مەهاباد، بە ناوی داود ئەشک تەڵخ، کوڕی ڕەحیم و تەمەن ٢٣ ساڵە لە کاتێک دا کە بڕێک کەرەستەی پێ بووە، کەوتووەتە بەر دستڕێژی گوللەی هێزەکانی ڕژیمی ئێران و لە ئەنجام دا ژیانی لە دەست داوە.[١٧]

Kurdish Human Rights Association
Komeley Mafî Mirovî Kurd

٢- ژمارەیەک لە بەرپرسان و نوێنەری شاری مەهاباد، داوای پێداچوونەوەی بە پەلەیان کردووە لەسەر حووکمەکەی چالاکی مافی ژنان، زێنەب بایەزیدی.[١٨]

٣- لە دووهەمین ڕۆژ لە تەرحی سەربازی زۆرەملێی، لە گەڕەکی عەباس ئاوای شاری سنە، ٢٤ لاوی کورد گیران.[١٩]

٤- هێزەکانی ئینتیزامی ڕژیم لە سنووری حاجی عۆمەران، یەک کاسبکاریان کوشت و دوو کەسی دیکەشیان بریندار کرد.[٢٠]

٥- فەرهاد حاجی میرزایی، چالاکی ژنان و منداڵان، لە بارودۆخێکی نالەبار، بە قەرەنتینەی گرتووخانەی گەوهەر دەشت گوازرایەوە.[٢١]

---

یەکشەممە ٠٩-٠١-٠٤

---

[١٤] ئاژانسی ئێران خەبەر
[١٥] ئاژانسی کورد نیوز
[١٦] رێکخراوەی خوێندکارانی پارێزەری مافی مرۆڤ لە کوردستان
[١٧] ڕێکخراوی خوێندکارانی پارێزەری مافی مرۆڤی کوردستان
[١٨] ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان
[١٩] ئاژانسی ئێران خەبەر
[٢٠] ڕێکخراوی خوێندکارانی پارێزەری مافی مرۆڤ لە کوردستان
[٢١] چالاکانی مافی مرۆڤ و دیمۆکراسی لە ئێران

١- کەسێکی خەڵکی چاڵدوران بە ناوی سلێمان دەلایی میلان لە لایەن دادگای شۆڕشی شاری خوێ بە تومەتی هاوکاری پارتیەکی کوردستان بە ٣ ساڵ زیندان و دوور خستنەوە بو گرتووخانەی شاری مەراغە حوکم درا.[٢٢]

٢- مەنسور بایزیدی خەڵکی مەهاباد بو جاری دووەم بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعات کرا. ڕوژی شەمە هیزەکانی ئیتلاعات چوونەتە شوێنی کاری مەنسوور بایزیدی و ناوبراویان دەستگیر کرد.[٢٣]

---

دووشەممە ٠٩-٠١-٠٥

١- چالاکێکی کورد بە ناوی شێرکۆ مەعارفی تەمەن ٣٠ ساڵە و خەڵکی شاری بانە، بە تاوانی ئەندامەتی لە پارتیەکی کوردی لە لایەن دادگایی شۆڕشی ڕژیمی ئێران لە شاری سەقز، وەکو موحاریب ناسراوە و حووکمی لەسێدارە دانی بە سەر دا سەپێندراوە. ناوبراو لە ڕۆژی ١ی ئوکتوبری ساڵی ٢٠٠٨ دەستگیر کراوە و لەو کاتەوەش هەتا ئێستا لە ژوورەکانی تاکەکەسی ئیدارەی ئیتلاعات لە ژێر گوشار و ئەشکەنجە ڕاگیراوە.[٢٤]

٢- چالاکێکی کورد بە ناوی مەحەمەد مەحەمەدی، ناسراو بە مەحەمەد عەکاس، کوڕی فەرەج و دانیشتووی هەرێمی بڵوان ئاوای سەر بە شارۆچکەی دێگولان، ، بەردەوام لە لەیان هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری قوروە، ئەشکەنجە دەکرێت. ناوبراو بە تاوانی هاوکاری کردن لە گەڵ یەکێک لە پارتەکانی کوردی لە سەرەتای دووەمین مانگی پاییزی ئەمساڵ دا، لە لایەن هیزەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری قووڕەوە دەستگیر کراوە و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراوە، هەتا ئێستاش چارەنووسی نادیارە. مەحەمەدی، مامۆستای پەروەردە زمانی کوردی بووە لە ناوچەی بڵوان ئاوا و یەکێکە لە چالاکانی مەدەنی ناسرا لە ناوچەی لەیلاخ.[٢٥]

٣- هێزەکانی سپای پاسدارانی ڕژیمی ئێران لە شاری سەلماس هێرشیان کردووەتە سەر گوندی خورخوڕە و ماڵی چەندین هاووڵاتی کوردیان لەو گوندە دا پشکنیوە و ٦ چالاکی کوردیان دەستگیر کردووە. ئەو کەسانەی کە لە لایەن سپای پاسدارانی سەلمسەوە گیراون ئەمانەن: جەمهور پاشایی تەمەن ٢٧ ساڵ، داریوش پاشایی تەمەن ٢٧ ساڵ، داود پاشایی تەمەن ٣٢ ساڵ، ئەمیر حامدی تەمەن ٢٤ ساڵ، سەمەد لایقی تەمەن ٢٥ ساڵ و هەروەها موحەمەد حەسەنی، تەمەن ٤٧ ساڵە.[٢٦]

٤- ژنێک بە ناوی هەلالە، لە شاری سەقز بە هۆی هەبوونی هێندێک کێشەی بنەماڵەی کوژراوە. هەدنێک سەرچاوە باس لە خوکۆژی یان کوشتنی ناوبراو دەکەن، بەڵام بە تەواوی زانیاری لە بەر دەستدانیە.[٢٧]

---

[٢٢] ئاژانسی موکریان نیوز
[٢٣] هەواڵنیری مافی مروڤی کوردستان
[٢٤] ڕێکخراوی خوێندکارانی پارێزەری مافی مرۆڤ لە کوردستان
[٢٥] ڕێکخراوی خوێندکارانی پارێزەری مافی مرۆڤی کوردستان
[٢٦] ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات
[٢٧] ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات

٥- دوو کرێکار لە ورمێ لە سەر کارەکانیان گیانیان لە دەستدا. ئەم دوو کرێکارە کوردە، لە کاتێک دا لە ساختمانێک لە شاری ورمێ خەریکی کار کردن بوون، دیواریان بە سەر دا ڕوخاوە و بە هۆی نەبوونی کەرەستەکانی پێویستی یارمەتی تەندرووستی و هەروەها درەنگ گەیشتنی ئامبوولانس، لە ئەنجام دا ژیانیان لە دەست داوە. ناوی یەکێک لەو کرێکارە کوردانە مستەفا کوڕی ئەحمەدە و ناوی کرێکاری دوویەمین نەزاندراوە.[۲۸]

٦- زیاتر لە دووسەد کرێکار لە شاری سەقز ۳ مانگە مووچەیان وەر نەگرتووە. لە هەمان کات دا ١٥ کرێکاری دیکەش لە لایەن شارەداری ئەم شارەوە بە بی هیچ هۆکارێک لە سەر کار دەکراون.[۲۹]

٧- هێزەکانی هەوایی ئەرتشی تورکیە لە ناوچەی ڕووبارۆک، چەند گوند لە کوردستانی ئێران لە بناری قەندیلیان تۆپباران کرد.[۳۰]

---

سێ شەممە ۰۹-۰۱-۰٦

١- سەباح نەسری و هیدایەت غەزالی دوو خوێندکاری کورد لە دووای ١٨مانگ زیندانی، دوێنێ شەو کاتژمێر ١١ لە دووای تێپەڕکردنی حوکمی زیندانەکانیان ئازاد کران.[۳۱]

٢- حەمید ڕەزا سەمەدی سەروکی کومەڵەی خوێندکارانی کرماشان و نوێنەری خاوەن موڵەتی هەفتەنامەی نێدای جامعە، لە ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشادی شاری کرماشان لە لایەن یەکێک لە بەرپرسانی ئەو ئیدارەوە ڕووبەڕووی سوکایەتی و لێدان بۆوە.[۳۲]

Kurdish Human Rights Association
Komeley Mafi Mirovi Kurd

٣- زۆرتر لە پێنج رۆژە لە چارەنووسی هاوولاتیەکی مەهابادی بە ناوی هاشم ڕەمەزانی کە چوارشەممەی پێش لە لایەن هێزەکانی رژیمەوە گیراوە، هیچ زانیاریەک لە دەس نییە.[۳۳]

---

چوارشەممە ۰۹-۰۱-۰٧

١- حووکمی لە سێدارەدان بە سەر دوو کەس بە ناوەکانی ڕەمەزان ئەحمەد و فەرهاد چالش بە تاوانی هاوکاری و ئەندامەتی حیزبێکی کوردی داسەپا. فەرهاد چالش خەڵکی شاری شرناخی باکوری کوردستانە و ڕەمەزان ئەحمەدیش خەڵکی شاری قامیشلۆی باشووری ڕۆژاوای کوردستانە و ئێستا لە گرتوخانەی ورمێ بە سەر دەبەن.[۳٤]

---

[۲۸] ئاژانسی ئێران خەبەر
[۲۹] ئاژانسی ئێران خەبەر
[۳۰] ماڵپەری ڕۆژهەڵات
[۳۱] ڕێکخراوی خوێندکارانی پارێزەری مافی مرۆڤ لە کوردستان
[۳۲] ئاژانسی موکریان نیوز
[۳۳] ئاژانسی موکریان نیوز
[۳٤] ئاژانسی هەواڵنێری فرات

٢- هانا عەبدی چالاکی ژنان و ئەندامی ئەنجومەنی ئازەرمێهری کوردستان کە ١٤ مانگە دەستگیر کراوە، جارێکی تر دوور خرایەوە بۆ شارێکی تر. هانای عەبدی لە دووای ئەوەی کە بە ٥ ساڵ زیندان و دوور خستنەوەی بو گرتووخانەی شاری گەرمی سزا درا و دوواتر لە لایەن لقی چوواری دادگای پێداچوونەوە حوکمەکەی کەم کرایەوە بو ساڵ ونیوێک و دووریان خستەوە بو زیندانی ڕەزەن لە پارێزگای هەمەدان، ئیستاکە ئەو سزایە کراوە بە دوور خراوەتەوە بو زیندانێک لە شاری مشکین شار لە پارێزگای ئەردەبێڵ.[٣٥]

٣- کاسبکارێکی دیکەی کورد بە ناوی ئەمیر کۆدەڵە، لە ناوچەی دۆڵەتووی سەر بە شاری سەردەشت لە لایەن هێزەکانی رژیمەوە درایە بەر دەستریژی گولە و ژیانی لە دەست دا.[٣٦]

٤- لە ماوەی یەک حەفتە دا سێ کەس لە گوندەکانی سەرپێڵی زەهاوی کرماشان، دەستیان داوەتە خۆکوژی. ئەم سێ کەسە، سە منداڵی ١٢، ١٤ و ١٦ ساڵەن.[٣٧]

٥- خوێندکارانی ئەندامی بنکەی "زاگرۆس" لە زانکۆی تەورێز لە نامەیەک دا کە ئاراستەی سەرۆکی زانکۆ کراوە، بەرگری لە بەرێوەنەچوونی هەڵبژاردنی ئەم بنکە لە لایەن بەرپرسانی زانکۆیان، وەک بێ عەداڵەتی دەرحەق خوێندکارانی کورد وەسف کرد.[٣٨]

٦- دوکتۆرانی پارێزەری مافی مرۆڤ، لە ڕێگەی لێدوانێک، خوازیاری ئازادی کامیار و ئارش عەلایی، دوو دۆکتۆری گیراوی کردی کرماشانی بوون.[٣٩]

Komeley Mafî Mirovî Ku

پێنج شەممە ٠٩-٠١-٠٨.

١- هاشم ڕەمەزانی جالاکی سیاسی و خەڵکی گوندی ساروقامیشی بۆکان لە ژێر ئەشکەنجەی کار بە دەستانی ئیدارەی ئیتلاعاتی ورمێ دا گیانی لەدەست دا. ناوبراو لە ڕۆژی سی و یەکی دێسامبری رابردوو لە لایەن هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری مەهابادەوە قۆڵبەست کرابوو. کاتێک بنەماڵەی ڕەمەزانی داوایان کردووە کە تەرمی هاشم لە لایەن پزیشکی یاساییەوە لێکۆڵینەوەی لە سەر بکرێت، ڕووبەڕووی هەڕەشەی بەرپرسیارانی ئیدارەی ئیتلاعات هاتوونەوە و تەنانەت پێیان ڕاگەیاندوون کە نابێت بە هیچ شێوەیەک هەواڵی کوشتنی کوڕەکەیان بڵاو بکەنەوە.[٤٠]

٢- بەرپرسێکی زیندانی ناوەندی شاری ئورمیە بە ناوی ئەکبەر ئەفشار، ماوەیەکی درێژە بە هەموو شێوازێک دەستی کردووە بە ئازار و ئەشکەنجەی گیراوانی سیاسی کورد و بە هەموو شێوازێک

---

٣٥ ڕێکخراوەی ژنانی ئازەر مێهر
٣٦ ڕێکخراوەیخوێندکارانی پارێزەری مافی مرۆڤی کوردستان
٣٧ ئاژانسی ئێران خەبەر
٣٨ ماڵپەڕی خوێندکارانی کورد
٣٩ رادیۆ فەردا
٤٠ ناوەندی دەنگوباسی نەورۆز تیڤی

هەوڵی سووکایەتی کردن و تێکشکاندنی کەسایەتی ئەوان دەدات. ئەو کەسە، بە تایبەتی لە دژی گیراوانی بەندەکانی ١ و ٥ کە زۆربەی هەرە زۆریان لە زیندانیانی سیاسی و مەدەنی کورد پێک دێن،ئەشکەنجەیەکی تایبەتی بەرێوە دەبات.[٤١]

٣- زۆرتر لە یەک مانگە لە چارەنووسی بێهزاد عەزیزی چالاکی ئایینی خەڵکێ جوانرۆ کە لە زیندانی ئێوین بە سەر دەبا، هیچ زانیاریەک لە دەس نییە.[٤٢]

---

جۆمعە ٠٩-٠١-٠٩

١- ڕێکخراوی چاوەدێری مافی مروڤ لە ڕاپۆرتێکدا داوای لە ڕژیمی ئیران کردووە کوتایی بە دەستگیریە بەر بڵاوەکانی چالاکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بهێنێت. ئەم ڕاپورتە ٤٢ لاپەڕەیە ئێران، ئازادی ڕا دەربڕین و کوبوونەوەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بڵاو بووەتەوە. لە ڕاپورتەکەدا هاتووە ئیران هەل پەرەستانە لە یاساکانی ئاسایشی و یاساکانی تر کەڵک وەردەگرێت بۆ گرتن و سەرکوتی کوردەکان، چالاکانی کورد بە هوێ مافی یاسایی ڕادەر بڕین و کوبوونەوە سەرکوت دەکرێن، هەروەها ئاماژە دەکات کە کەڵک وەرگرتنی هەل پەرەستانە لەو یاسایانە شتێکی نوی نیە، بەڵام لە کاتی هاتنە سەرکاری ئەحمەدی نەژادەوە تا ئیستا گوشارەکان زیاتر بوون.[٤٣]

٢- ئەمرۆ ڕاگەیێندرا لە ڕێکەوتی ٢٥ی دێسامبری ٢٠٠٨ لە گرتووخانەی ناوەندی شاری سنە جەوانێک بە ناوی ئەحمەد زارعی کە لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا تووشی تاوان هاتبوو لە سێدراه درا.[٤٤]

Kurdish Human Rights Association
Komeley Mafi Mirovi Kurd

---

شەممە ٠٩-٠١-١٠

١- ٥٤ گیراوی سیاسی کورد لە زیندانی ماکۆ، لە ڕەوشێکی نالەبار و لە هەلومەرجیکی دژوار و مەترسیدار دەژین. دوای بەشدار بوونی گیراوانی زیندانی ماکۆ لە مانگرتنی گیراوانی سیاسی و مەدەنی کورد لە زیندانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران لە پایزی ساڵی ڕابردوودا، بەرپرسانی زیندان دەستیان داوەتە تۆڵەستاندنەوە و زیندانیان ئازار دەدەن. گیراوانی کورد لە زیندانی ماکۆ، لە ژووری ساردوسڕدا ڕاگیراون و ئاوی گەرمیان بۆ حەمام کردن پێ نادرێت. گیراوان تووشی نەخۆشیی سەرمابوون هاتون و تیمار ناکرین.[٤٥]

٢- گیراوێکی سیاسی کورد بە ناوی جەهانگیر بادوزادە کوڕی ئەحمەد و خەڵکی شاری مەهاباد کە لە ساڵی ٢٠٠٣ بە تۆمەتی هەبوونی چەک و چالاکی سیاسی، لە لایەن هێزەکانی ئیدارەی

---

٤١ ڕێکخراوەی خوێندکارانی پارێزەری مافی مرۆڤی کوردستان
٤٢ هەواڵنێری جوانڕۆ نیوز
٤٣ ڕێکخراوی چاوەدێری مافی مروڤ
٤٤ کومەڵەی چالاکانی مافی مروڤی ئیران
٤٥ ڕێکخراوەی چاوەدێرانی مافی مرۆڤی کوردستان

ئیتلاعاتی ڕژیمەوە دەستگیرکرابوو و سزای لە سێدارەدانی بە سەردا سەپێندرابوو، دوای بەتاڵ کردنەوەی سزاکەی، چارەنووسی نادیارە.[٤٦]

٣- چەکدارانی ڕژیم لە هەرێمەکانی ئالانی سەردەشتەوە، دەپەڕنەوە خاکی باشوری کوردستان و بازارچەی دەشتی خانی کە لە هەرێمەکانی گەناو هەڵکەوتووە، ئاگر دەدەن. لە لایەکی تر هێزەکانی ڕژیم، چەند ڕۆژ لەمەوبەر پردی ئاڵوەتێی نێوان سەردەشت و ئالانیان، هەڵوەشاندووە.[٤٧]

٤- سەرۆکی ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێ سنوور، داوا لە سەرۆکایەتی نویی یەکیەتی ئوروپا دەکات لە پێناوی ئازاد کردنی ٥ وێبلاگنووس و شەش ڕۆژنامەوانی گیراو لە ناو زیندانەکانی ڕژیمی ئێران دا، دەست بە هەوڵدان بکات. لە نامەکەی ڕێکخراوی ڕۆژنامەوانانی بێسنووردا، ناوی چەندین ڕۆژنامەوانی زیندانی هاتووە کە زۆربەیان لە ڕۆژنامەوانانی کورد پێک دێن. کەسانێکی وەک بەهمەن توتونچی، مەسعود کوردپور، کاوە جەوانمەرد، مەحەمەد سەدیق کەبودوەند، مەحەمەد حوسێن فەلاحیە زادە، وە هەروەها عەدنان حەسەن پور.[٤٨]

---

یەکشەممە ٠٩-٠١-١١

١- بە دەیان گیراوی سیاسی و مەدەنی کورد لە گرتووخانەی شاری ماکو، لە ڕوژی یەکشەمەی ڕابردوو واتە ٤ی ژانویەوە، دەستیان داوەتە مانگرتن لە خواردن بو نارەزایەتی دەبڕین لە ڕەوشی خراپی زیندان، جێ بە جی نەکردنی یاساکان لە ڕەوشی دادگای کردنی زیندانیان، هەڵاواردن لە هەمبەر زیندانیانی کورد و دەر کردنی حوکمگەلێکی گران بو گیراوانی کورد. ناوی ٢٢ کەس لەو گیراوانە بەم شێوەیە: ڕۆستەم ئەرکیا ، کوڕی ڕەحیم ، حوکمی لە سێدارەدان، ڕەمەزان ئەحمەد، حوکمی لە سێدارە دان، فەرهاد چالش، حوکمی لە سێدارە دان، سەعید ئاغوز، سێ حوکمی جیاوازی بە سەر دا سەپیندراوە، ١٥ سال، دە ساڵ و یەک ساڵ، ئەسعەد ئاهنامە، ئیبراهیم ئیقباڵی، حوسێن ئامیق، نەبی تەقلیدی، حەمید تەیمور وەش، خالف حاجی، حەسەن چیلان، کوڕی حاجی عەلی، سێ حوکمی جیاوازی بە سەر دا سەپێندراوە، ١٠ ساڵ و ٤ ساڵ و ١٥ ساڵ، ئەردەشیر دەلایی میلان، عەلی ڕەسوڵی، سەدیق راسق، ئیبراهیم فەرمەند، سەعید عوومەر پور، کوڕی ئیبڕاهیم، ٤ ساڵ زیندان، مەحەمەد عوومەر پور، کوڕی ئیبراهیم، دو حوکمی جیاوازی بە سەر دا سەپێندراوە، ١٥ ساڵ و ٤ ساڵ، عەبدوڵڵا عومەر پور، دوو حوکمی جیاوازی بە سەر دا سەپێندراوە، ١٣ ساڵ و ٦ ساڵ، حوسەین مرۆیی میلان، عادڵ مەحەمەد نەژاد، حەسەن تالعی، کوڕی حاجی عەلی، ئیبڕاهیم دادگوستەری جەنی کانلو، کە تەمەنی ناوبراو ٦٠ ساڵە.[٤٩]

٢- جبرەیل خوسرەوی چالاکی سیاسی خەڵکی شارەی سنە کە چەندین مانگ لەمەو پێش لە لایەن هیزەکانی ئیتلاعاتەوە دەستگیر کرابوو لە لایەن لقی یەکی دادگای شورشی شاری سنە وەک

---

[٤٦] ڕێکخراوەی خوێندکارانی پارێزەری مافی مروڤ لە کوردستان
[٤٧] ناوەندی دەنگووباسی نەوروز تیقی
[٤٨] ماڵپەڕی ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێ سنوور
[٤٩] ڕێکخراوی خوێندکاری پارێزەرانی مافی مروڤ لە کوردستان

مەحارب ناسراوە و بە تومەتی هاوکاری حیزبێکی کوردی حوکمی ٢٠ ساڵ و دوور خستنەوەی بو گرتووخانەکانی بەندەر عەباسی بە سەردا سەپێندراوە.[٥٠]

٣- هاووڵاتیەکی مەهابادی بە ناوی قادر خەرامان فەرد، تەمەن ٤٥ سالە کە خاوەنی ژن و سێ منداله، بە تۆمەتی چالاکی سیاسی و هاوکاری کردن لەگەل حیزبێکی کوردی حوکمی ٤ مانگ زیندانی بە سەر دا سەپێندراوە و دۆینێ بۆ بەڕێوە چوونی حوکمەکەی، بانگهێشتی دادگا کراوە. ناوبراو هەر لەوێشەوە دەستگیر و رەوانەی گرتوخانەی شاری مەهاباد کراوە.[٥١]

٤- دووای کوتای هاتنی کێبڕکی لە نێوان تیمی بەسکتبالّی شاری سنە و تیمی پارێزگای شەهر کورد، لە نێوان ژمارەیەک لە بینەرانی ئەو کێ بڕکێە و هێزەکانی ڕژیم پێک دادان هاتووەتە ئاراوە و لە ئەنجامدا چەندین جەوان لە لایەن هیزەکانی رژیمەوە دەستگیر کران.[٥٢]

٥- بەهمەن توتونچی، رۆژنامەوانی گیراوی کورد، گوازرایەوە بەندی گیراوانی دۆزی مادەی هۆشبەر لە گرتووخانەی سنە.[٥٣]

٦- هێزەکانی ئەماکێنی هێزی ئینتیزامی لە شاری روانسەر بە بێ حۆکمی یاسایی، بە مەبەستی کۆکردنەوەی سەتەلایت، هێرش دەکەنە سەر مالّی هاووڵاتیان.[٥٤]

٧- ئیدارەی سەبتی ئەحوالّی شاری نەقەدە، پێش لە سەبت کردنی ناوی کوردی بۆ منداڵانی ئەم شارە دەگرێ و کاتێک کە بنەماڵەیەک ئەیانهەوێ ناوی کوردی بۆ منداڵەکانیان هەڵبژێرن، پێیان ڕادەگەیێنن کە باشترە ئەوەیە ناوی عەرەبی بۆ منداڵەکانتان هەڵبژێرن.[٥٥]

Kurdish Human Rights Association
Komeley Mafî Mirovî Kurd

دووشەممە ٠٩-٠١-١٢

١- چالاکی سیاسی و مەدەنی کورد، حەبیبولا لەتیفی، لە کاتێکدا کە هێشتا بە هۆی کاریگەریەکانی ئەشکەنجە کردنی لە لە لایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سنە، ڕەوشی جەستەیی پەڕ مەترسی ڕاگەیەندراوە، بەڵام بۆ جارێکی دیکە لە زیندانی ناوەندی شاری سنەوە ڕەوانە ژوورەکانی تاکەکەسی ئیتلاعات کراوە و هەتا ئێستاش بە تەواوی ڕوون نییە کە نابراو بە چ مەبەستێک و بۆ چ ماوەیەک گوازراوەتەوە.[٥٦]

٢- دوو هەفتەنامەی رۆژهەڵات کە دوای دوو ساڵ داخران لە رۆژی ١١ی خەزەڵوەری ئەمساڵ سەرلەنوێ وەشانی خۆی دەستپێکردبۆوە، ئێوارەی رۆژی یەکشەممە٢٢ی بەفرانبار سەرلەنوێ لە

---

٥٠ ڕێکخراوەی خوێندکارانی پارێزەری مافی مرۆڤی کوردستان
٥١ ڕێکخراوەی خوێندکارانی پارێزەری مافی مرۆڤی کوردستان
٥٢ ئاژانسی هەواڵی موکریان
٥٣ کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کورد لە ئۆرووپا
٥٤ ناوەندی هەواڵی نەورۆز تیڤی
٥٥ ماڵپەڕی رۆژهەلات
٥٦ ڕێکخراوەی خوێندکارانی پارێزەری مافی مرۆڤی کوردستان

لایەن لێژنەی چاوەدێریی بەسەر چاپەمەنیەکان داخرایەوە. ڕۆژهەڵات لە خولی نوێیدا تەنیا ٥ ژمارەی لێ دەرچووبوو.[٥٧]

٣- دوو ڕوژ لەمەو پێش وەزارەتی ئیتلاعات بنەماڵەی خویندکاری کورد وریا مروەتی ئاگادار دەکاتەوە کە ڕوژی سێ شەمە ١٣ژانویە واتە بەیانی ناوبراو لە دادگای شوڕشی شاری کرماشان دادگای دەکرێت. وریا مروەتی لە ڕیکەوتی٢٩ی ئوکتوبر لە لایەنهێزەکانی ئیتلاعاتی شاری سنەوە دەستگیر کرا، ناوبراو لە رووی تەندروستیەوە ڕەوشی پڕ مەترسیەو تا ئیستا کار بە دەستانی رژیم هیچ بایەخێکیان بە تەندروستی ناوبراویان نەداوە.[٥٨]

---

سێ شەممە ٠٩-٠١-١٣

١- چالاکێکی سیاسی کورد بە ناوی وریا ئەسکەندەری خەڵکی شاری کامیاران، لە لایەن لقی یەکی دادگای شوڕشی شاری سنە بە تاوانی تێپەڕاندنی نا یاسای سنوور حوکمی یەک ساڵ ونیو زیندانی بە سەردا سەپێندرا.[٥٩]

٢- دە کەسایەتی ئاینی تری خەڵکی شاری بۆکان لە لایەن دادگای شوڕشی شاری مەهابادەوە، بە تومەتی هەوڵدان لە دژی نیزامی ئیران، بانگهێشت کراون و هەر یەکەیان بە ٩١ ڕوژ زیندان حوکم دراون.[٦٠]

٣- سۆهەیلا کەریمی تەمەن ٢٠ ساڵان کچی ئامەر کەریمی، لە شاری جوانرۆ ئاگری لە جەستەی بەردەدا و لە ئاکامدا گیانی لە دەست دا. هۆکاری خۆسووتاندنی سۆهەیلا، گرفت و گوشاری کۆمەڵایەتی بووە.

Kurdish Human Rights Association
Komeley Mafi Mirovi Kurd

ژنێکی ٧٥ ساڵە بە ناوی ئایشە عەبدی خەڵکی گوندی قزقەپانی سەربە شاری تیکاب لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە ئاگری لەجەستەی خۆی بەردا و گیانی لەدەست دا. هەر هەمان ڕۆژ کەسێک بە ناوی یوسف مەولودی ٢٣ ساڵە لە شاری تیکاب بە هۆی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە خۆی کوشت.[٦١]

٤- موحەممەد شەریف، پارێزەری هانا عەبدی و ڕوناک سەفازادە، نیگەرانی خۆی بۆی دوورخستنەوەی هانا عەبدی بۆ گرتووخانەی مێشکین شەهر دەبڕی و ڕایگەیاند کە ڕوناک سەفازادە بە تاوانێکی نوێ، بانگهێشتی دادگای شۆڕشی شاری سنە کراوە.[٦٢]

---

٥٧ ماڵپەری حەوتەنامەی ڕۆژهەڵات
٥٨ ڕێکخراوەی خوێندکارانی پارێزەری مافی مرۆڤی کوردستان
٥٩ کومەڵی چالاکانی مافی مروڤ لە ئیران
٦٠ ماڵپەری ئیران پرێس نیوز
٦١ ناوەندی دەنگوباسی نەورۆز تیڤی
٦٢ ڕۆژنامەی رووز

٥- دوو هەزار خوێندکار،چالاکی مافی مروڤ و چالاکانی ژن بە مەبەستی ناڕەزایەتی دەر بڕین لە ڕوشی چالاکی ژن و مافی مروڤ زەینەب بایەزیدی پشتیوانی خوێان بو پارێزەری ناوبراو بە مەبەستی پێدا چوونەوەی دوسیەی زەینەب بایەزیدی دەر بڕیوە.[٦٣]

---

چوارشەممە ٠٩-٠١-١٤

١- چالاکی مافی ژنان، ڕووناک سەفازادە بە تاوانی بەشداری لە مانگرتنی گیراوانی سیاسی و مەدەنی کورد بانگهێشتی دادگا کرا.[٦٤]

٢- چەندین کەس لە دانیشتوانی گوندی ساروقامیشی سەر بە شاری بۆکان بە ناوەکانی، ڕێبوار بیرایم پوور، بیژەن پژمان، ئەسعەد دامەنگیر و پەیمان عەلیزادە، لە لایەن هێزەکانی ڕژیمەوە دەستگیر کراون. تا ئیستا هیچ هۆکارێک بو دەستگیرکردنی ئەو کەسانە ڕانەگەیندراوە.[٦٥]

٣- کەسێک بە ناوی سەید هیدایەت ڕەحمانی، تەمەن سی ساڵە، دانیشتووی گوندی کەندولان، کە لە ناو شاری سەقزدا، لە تاکسی تەلەفۆنی کاری دەکرد، بە تۆمەتی ئەوەی کە گۆیا لە کاتی لێخوڕینی تاکسی دا لە دژی ڕژیم دواوە و لە گەڵ کەسێکی ئیتلاعاتی دا دمەقاڵەیان لێ پەیدا بووە، لە لایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سەقزەوە دەستگیر کراوە.[٦٦]

---

Kurdish Human Rights Association
Komeley Mafî Mirovî Kurd

پێنج شەممە ٠٩-٠١-١٥

١- لە قەبرستانی بەهەشت مەحەمەدی شاری سنە ڕێ و ڕەسمێک بو خوێندکاری گیان بەختکردووی کورد ئیبراهیم لۆتفۆڵاهی بە ڕێوە چوو. هیزەکانی ئاسایشی ڕژیم لە کاتی بە ڕێوە چوونی ڕێ و ڕەسمەکەدا گوشارێکی زوریان بو بەشدار بووان هینا و لەو ناوەدا جەواد عەلیزادە خوێندکار وچالاکی مافی مروڤیان بە لێدان و سوکایەتی دەستگیر کرد و گواستیانەوە بو ژوورەتاکەکەسیەکانی ئیدارەی ئیتلاعات.[٦٧]

٢- ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سنە، دەستی کردووە بە ئازاردانی بنەماڵەی ئەو کەسانەی لە ناو پارتیە کوردستانیەکاندا چالاکن. ئیدارەی ئیتلاعات بە ڕێگای تەلەفۆن بانگهێشتی ئەو بنەماڵانە دەکات کە ڕۆڵەکانیان بە جۆرێک لە گەڵ ئۆپۆزیسیۆنی کوردی دا لە پەیوەندی دان و چالاکن. هێزەکانی ئیتلاعات تەنانەت هێرشی سەر چەندین ماڵیان کردووە و دوای پشکنینی ماڵەکانیان، دەستیان بە سەر هیندێک کەرەسەتەی ناو ماڵیش دا گرتووە. هاوکات ژمارەیەکیش لەو بنەماڵانە

---

[٦٣] ئەنجومەنی ژنانی ئازەرمێهر
[٦٤] ئەنجومەنی ژنانی ئازەرمێهر
[٦٥] ئاژانسی موکریان نیوز
[٦٦] ڕێکخراوەی خوێندکارانی پارێزەری مافی مرۆڤی کورد
[٦٧] ماڵپەڕی خوێندکارانی کورد

بە ڕێگای تەلەفۆن بانگهێشتی ئیتلاعات دەکرێن و لەوێ ڕووبەڕووی لێپرسینەوەی هێزەکانی ڕژیم دەبنەوە.[٦٨]

٣- ماوەی ٣ هەفتەیە گراوانی گرتوخانەی شاری سنە مەمنوعۆل مۆلاقات کراون و بەرپرسانی گرتوخانەکە، دەڵێن هۆی ئەمە هەڵاتنی یەکێک لە گیراوانە لە زیندان. گیراوان تەنانەت ناتوانن تەلەفۆن بۆ بنەماڵەکانیان بکەن. لە لایەکی دیکەوە بارودۆخی تەندوروستی حەبیبوڵا لەتیفی زیاتر بەرەوخراپی چووە و لە ئانجامی چڵک کردنی ددانەکانی، سییەکانیشی چڵکیان گرتووە و تا ئیستا هیچ چارەسەرییەکی بۆ نەکراوە.[٦٩]

٤- لە شاری کرماشان، هەڵمەتی کۆ کردنەوەی ماهوارە لە لایەن ڕژیمەوە بەردەوامە. بە پێی زانیاریەکان هێزەکانی ئینتیزامی ڕژیم بە هاوکاری هێزەکانی بەسیج و سپای پاسدارانی کرماشان، لە چەندین ناوچە و گەڕەکی ئەو شارە دا دەستیان کردووە بە کۆ کردنەوەی ماهوارەکانی خەڵک و لە هێندێک شوێن دا تەنانەت بە بی ئیزن و بە زۆری چوونە ناو ماڵی خەڵک.[٧٠]

٥- سێ ناوەندی نێو دەوڵەتی لە راگەیاندنێکی هاوبەشدا خوازیاری ئازادی دوکتور کامیار و ئارش عەلایی دوو دوکتوری کوردی خەڵکی کرماشان بوون کە چەندین مانگ لەمەو بەر لە لایەن هێزەکانی ئیتلاعاتەوە دەست بەسەر کران.[٧١]

٦- پاش ماوەیەک کە دووهەمین جەلدەی دڵی محەممەد سدیق کەبوودوەند، دۆکتۆری پسپۆڕی دل بە بەرپرسانی گرتووخانەی ئێوینی راگەیاند کە کەبوودوەند لە ناوچەی دڵەوە تووشی کێشە بووە.[٧٢]

Komeley Mafî Mirovî Ku

جۆمعە ١٦-٠١-٠٩

١- سێ کەس لە دانیشتوانی گوندی تالاوی نێوان شارەکانی مەهاباد-میاندواو ، ئێوارەی رۆژی یەک شەممە لە لایەن ئیتلاعاتی شاری مەهابادەوە دەست بە سەر کراون. ئەم کەسانە بریتین لە: ئەمیر سولتان تەلخاب، تەمەن ٢٣ سالە خاوەنی ژن و منداڵە، ڕێبوار ئەحمەد زادە، تەمەن ٢٤ سالە، خاوەنی ژن و منداڵە، هەمزە حەسەن زادە، ، تەمەن ٢٤ سالە.[٧٣]

٢- ڕژیم لە لە ئاستی پارێزگای سنە، بە شێوەیەکی فەرمی رایگەیاندووە کە پێویستە زۆر کەس لە دانیشتوانی شاری سنە و شارەکانی دەوروبەری، ناو و پاشناوی خۆیان بگۆڕن. لەم پێوەندیە دا ماڵپەڕی فارس نیوز، بە شیوەیەکی فەرمی و بە بەهانەی ئەوەی کە گۆیا زۆر یەک لە ناو و پاشناوەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ناپەسەند و نادیارن، پێویستە بە زۆری بگۆڕدرێن. لەم نێوەش دا ڕژیم هێرش دەکاتە سەر ناو و پاشناوەکانی کوردی.[٧٤]

---

[٦٨] ڕێکخراوەی خوێندکارانی پارێزەری مافی مرۆڤی کورد
[٦٩] کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کورد لە ئۆرووپا
[٧٠] ناوەندی هەواڵی نەورۆز تیڤی
[٧١] بی بی سی
[٧٢] ڕێکخراوەی مافی مرۆڤی کوردستان
[٧٣] ڕێکخراوی خوێندکارانی پارێزەری مافی مرۆڤی کوردستان
[٧٤] ئاژانسی فارس نیوز

٣- پارلەمانتاری شاری سنە لە پارلەمانی ئێران، ڕژیمی تارانی بەو تاوانبار کرد کە کارمەندەکانی لێهاتووی کورد لە سەر کار لادەبات و لە جیاتی ئەوان خەڵکی ناکارا و لە نەتەوەکانی دیکەی ئێران، لە ئیدارە و دام و دەزگاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دادەمەزرێنێت.[٧٥]

٤- ژمارەیەک لە گیراوانی گرتووخانەی ماکۆ بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین لە بارووDۆخی نالەباری زیندان و هەروەها سەپاندنی سزای ئیعدام بۆ دوو کەس لە گیراوانی ئەم گرتووخانەیە، مانیان لە خواردن گرتووە.[٧٦]

٥- جەواد عەلیزادە، چالاکی مەدەنی و خوێندکاری دەرکراوی مافی مرۆڤ، لە ڕیوڕەسمی ساڵیادی مەرگی خوێندکاری کورد، ئیبراهیم لۆتفوڵڵاهی، لە گۆڕستانی بێهێشت مۆحەممەدی گیرا. هاوکات دوو کەس لە ئەندامانی ئەکێتی دیمۆکراتیکی کوردی زانکۆکانی ئێران بە ناوەکانی ئەسعەد باقری و دلێر ئەسکەندەری، بانگهێشتی کۆبوونەوەی نائاسایی شورای تەئمینی شاری سنە کران.[٧٧]

٦- گیراوێکی مەهابادی بە ناوی دڵشاد خزر دەشتی کە ئێستا لە زیندان بە سەر دەبا، تووشی نەخۆشی فەقەرات هاتووە و بارودۆخی جەستەیی نالەبارە.[٧٨]

---

شەممە ٠٩-٠١-١٧

١- ڕەوشی جەستەیی خوێندکاری کورد ڕەحمان ڕەحیم پوور، بەرەو نالەباری دەچێت. خوێندکاری کورد ڕەحمان رەحیم پور، ڕۆژی ٩ی نۆڤامبری ٢٠٠٨ ، لە یەکێک لە شەقامەکانی شاری ئورمیە دەستگیر کرا و هەتا ئێستاش لە ژورەکانی تاکەکەسی ئیدارەی ئیتلاعات لە ژێر ئەشکەنجە و لیپرسینەوە دایە.[٧٩]

٢- هێزەکانی ڕژیم لە ناوچەی ئالانی سەردەشت ڕۆژی پێنجشەممە هێرشیان کردووەتە سەر کاسبکاران. لە ئەنجامی تەقەی هێزەکانی ڕژیم لە ماشێنی کاسبکاران، دا بڕێکی زۆر سوتەمەنی لە ناو یەکێک لە ماشێنەکان دا ئاگری تێبەر بوو و زیانێکی زۆری ماددی بە کاسبکاران کەوتوو.[٨٠]

٣- هێزەکانی ڕژیم لە نزیک گوندی پردانەی سەردەشت تەقەیان لە کاسبکاران کردووە و لە ئەنجام دا یەکێک لە کاسبکاران بە سەختی بریندار بووە. زیانێکی زۆری ماددی وە بەر کاسبکارانی دیکە کەوتووە. لە لایەکی دیکە چەند ڕۆژ لەمەو پێش، هێزەکانی ڕژیم لە سەر ڕێگای سەقز-بانە، لە نزیک گوندی سەبەدلو، کاسبکارانی کوردیان داوەتە بەر گوللە و لە ئەنجام دا لە نێوان هێزەکانی ڕژیم و کاسبکاران دا شەڕ هاتووەتە ئاراوە. سەرچاوەکان لە سەقزەوە ڕایانگەیاند کە چەند ڕۆژ

---

٧٥ ماڵپەری کورد نیوز
٧٦ ڕێکخراوەی چالاکانی مافی مرۆڤ لە ئێران
٧٧ ماڵپەری خوێندکارانی کورد
٧٨ ئاژانسی موکریان نیوز
٧٩ کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کورد لە ئۆرووپا
٨٠ ماڵپەری بێوران

دوای هێرشی هێزەکانی ڕژیم، هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی سەقز، بە بەهانەی جوابدانەوەی کاسبکاران، حوسێن ڕەحیمی و تاهیر مەعروفیان دەستگیر کردووە.[٨١]

٤- بنەماڵەی ٢٠ کەس لە گیراوانی ڕۆژی شەممەی ڕابردووی سنە، خوازیاری ئازادی ڕۆڵەکانیانن.[٨٢]

٥- هێزەکانی ئینتیزامی لە ٥ کیلومتری جادەی سەقز بۆ بانە و لە نزیک گوندی سەبەدڵوو، تەقەیان لە ژمارەیەک لە کاسبکاران کرد و لە ئاکامدا لە نێوان هێزەکانی ئینتیزامی و کاسبکاران شەر ڕووی دا. هاوکات دوو هاوڵاتی سەقزی بە ناوەکانی حسێن ڕەحیمی و طاهێر مەعرووفیان بە تاوانی بەشدار بوون لەم شەرە گیران.[٨٣]

---

یەکشەممە ٠٩-٠١-١٨

١- کچێکی کورد بە ناوی زەینەب جەلالیان، لە لایەن دادگای شاری کرماشان، سزای ئێعدامی بە سەر داسەپێندرا. زەینەب جەلالیان تەمەن ٢٧ ساڵە و خەڵکی یەکێک لە گوندەکانی شاری ماکۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، کە ماوەی ٨ مانگ لەمەو پێش بە تۆمەتی چالاکی سیاسی، لە شاری کرماشان دەستگیر کرابوو. ناوبراو لە لایەن ئیدارەی ئیتلاعات ڕووبەڕووی ئازار و ئەشکەنجەیەکی دژوار هاتووەتەوە.[٨٤]

٢- ماموستا فەرزاد کەمانگەر و عەلی حەیدەریان لە گرتووخانەی ڕەجایی شەهر کەرج و فەرهاد وەکیلی لە گرتووخانەی ئێوینەوە بە مەبەستی سەپاندنی تومەتی نوێ برانە دادسەرای گشتی تاران.[٨٥]

Kurdish Human Rights Association
Komeley Mafî Mirovî Kurd

٣- هیزەکانی ئینتیزامی لە شاری ئابدانان، دەستیان کردووە بە گرتنی ماتۆڕی جەوانانی شارەکە و بە بەهانەی ئەوەی کە گۆیا بەڵگەی تەواویان نییە، دوای گرتنی ماتۆڕەکانیان، دەست دەکەن بە لێدان و سوکایەتیان پێدەکەن. لەم نێوە دا جەوانێکی کورد، خەڵکی گوندی پشت قەلعەی سەر بە شاری ئابدانان، بە هۆی سوکایەتی و ئازاری هیزەکانی رژیم، تووشی ناڕاحەتی دەرۆنی بووە و لە ئەنجام دا، بە تەناف خۆی خنکاندووە.[٨٦]

---

دووشەممە ٠٩-٠١-١٩

---

٨١ ڕێکخراوەی خوێندکارانی پارێزەری مافی مرۆڤی کوردستان
٨٢ هەواڵنێری چاودێری مافی مرۆڤی کوردستان
٨٣ ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات
٨٤ ڕێکخراوەی خوێندکارانی پارێزەری مافی مرۆڤی کوردستان
٨٥ کومەڵەی چالاکانی مافی مروڤ لە ئیران
٨٦ ناوەندی دەنگووباسی نەورۆز تیڤی

١- کەسیکی خەڵکی شاری شنو بە ناوی جەعفەر ئیسماعیلی بە تومەتی هاوکاری پارتیەکی کوردی لە لایەن دادگای شۆڕشەوە سزای ٥ ساڵ زیندانی بە سەردا سەپێندراوە.[٨٧]

---

سێ شەممە ٠٩-٠١-٢٠

١- نوسەری کورد عەباس جەلیلیان ناسراو بە ئاکۆ، لە شاری شائابادی سەر بە پارەزگای کرماشان لە لایەن ئیدارەی ئتلاعاتی شاری کرماشانەوە دەستگیر کراوە. لە کاتی دەستگیر کردنی عەباس جەلیلیان هیزەکانی رژیم ژمارەیەک لە کتێبەکان و کامپیوترەی ناوبراویان بردووە و باوکیشی لە لایەن هێزەکانی ڕژیمەوە ڕووبەڕووی لێدان وسوکایەتی پێکردن بۆتەوە.[٨٨]

٢- لە مەیدانی ٢٢ی بەهمەنی شاری ئیلام هێزەکانی ڕژیم هێرش دەکەنە سەر کاسبکارانی دەستفرۆش و لە ئاکامدا پێکدادان لە نێوان کاسبکاران و هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕژیم هاتووەتە ئاراوە. بە پێ سەرچاوەکە لەو نێوەدا خەڵکی شارەکە بە هانای دەستفروشانەوە چوون و بەرنگاری هێزەکانی ڕژیم بوونەتەوە.[٨٩]

٣- هێزەکانی ئینتیزامی ڕژیم لە شاری نەغەدە و بە تایبەتی لە گەڕەکەکانی کوردنشینی ئەو شارە، دەستی کردووە بە فشار هێنان بۆ سەر خەڵک. بەم پێیە ڕۆژی یەک شەممە لەو شارە، چەندین جەوانی کورد لە لایەن هیزەکانی ڕژیمەوە ڕووبەڕووی ئازار هاتوونەوە و دواتریش دەستگیر کراون.[٩٠]

Kurdish Human Rights Association
Komeley Mafî Mirovî Kurd

٤- چل کەس لە رۆژنامەوانانی کوردستان، لە ڕێگەی بڵاوکراوەیەک ڕایانگەیاند کە بەرخۆدان و خەبات لە تەنیشت قەڵەم، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان درێژە دەدەن. ئەم بەیاننامە پاش داخرانی دووحەوتەنامەی رۆژهەڵات بڵاوکرایەوە.[٩١]

---

چوارشەممە ٠٩-٠١-٢١

١- سێ کاسبکاری کورد، لە کاتێک دا کە دەیانهەویست لە چیاکانی سەر سنوور خوێان دەرباز بکەن، لە لایەن هێزەکانی ڕژیمی ئێرانەوە ڕووبەڕوی هێرش و دەستڕێژی گوللە هاتوونەوە و لە ئەنجام دا کەسێک بە ناوی، یڵماز ئەحمەدی، ژیانی لە دەست داوە.[٩٢]

---

[٨٧] هەواڵنێری موکریان
[٨٨] کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کورد لە ئۆروپا
[٨٩] ئاژانسی ئێران خەبەر
[٩٠] کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کورد لە ئۆروپا
[٩١] کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کورد لە ئۆروپا
[٩٢] ئاژانسی دەنگوباسی فرات

٢- هێزەکانی ڕژیمی ئێران هاووڵاتیەکی دیکەی کوردیان بە ناوی ئەفسەر خەلیلی داوەتە بەر گوللە. خەلیلی تەمەن ٢٥ ساڵە و خەڵکی گوندی گۆزە ڕەشی سەڵماس، کە لە ڕۆژی دوشەممەی ڕابردوو، ڕوبەڕووی هێرشی هێزەکانی ئینتیزامی هاتبووەوە ،ژیانی لە دەست داوە. هەر وەها لەو هێرشەی ڕژیم دا جەوانێکی دیکەی کورد بە ناوی شێرزاد بە سەختی بریندار بووە.[٩٣]

٣- دوکتور ئارەش عەلایی و دوکتور کامیار عەلایی، دوو پزشکی کورد، بە تۆمەتی ئەوەی کە گۆیا ویستوویانە بە شێوازیکی نەرم و مەدەنیانە، ڕژیمی ئێران لە ناو بەرن، بە نۆ ساڵ زیندان حوکم دراون. بەم پێیە دادگای ئینقیلابی شاری کرماشان، سزای شەش ساڵ زیندانی بە سەر دوکتور ئارەش عەلایی دا سەپاندووە و هاوکاتیش سزای سێ سال زیندان بە سەر دوکتور کامیار عەلایی دا سەپێندراوە.[٩٤]

٤- هێزەکانی ئیتلاعات دەچنە گوندەکانی ئەڵەک و ماراو سەر بە شاری کامیاران و دەست دەکەن بە پشکنین چەندین خانوو و هاوکات ٣ کەس بە ناوەکانی، مەحموود یوسفی ٤٤ ساڵان، غوڵامعەلی یوسفی ٣١ ساڵ و حەمزەی یوسفی ٢١ ساڵە دەستگیر دەکەن. بە پێ زانیاریەکان ئەو کەسانە ڕاگوێزی گرتووخانەی ئیتلاعاتی شاری سنە کراون و سەرەڕای بە دوواداچوونی بنەماڵەکانیان تا ئیستا هیچ هەواڵێک لە چارەنووسی ئەو ٣ کەسە نەزانراوە.[٩٥]

٥- دوو چالاکی کورد بە ناوەکانی ئەهوەن موراد وەیسی و بێهروز ڕیشە ساحێب، کە ساڵی ڕابردوو لە لایەن ئیتلاعاتی شاری سنە دەستبە سەر کرابوون و پاش ماوەیەک بە دانانی بارمتە ئازاد بوون، لە لایەن لقی یەکی دادگای شوڕشی شاری سەقز بە تومەتی هاوکاری پارتیەکی کوردی هەر کامەیان بە یەک ساڵ زیندان حوکم دراوبوون کە ئەو حوکمە لە لایەن دادگای پێداچوونەوەی پارێزگای سنە پەسەند کراوە و بە ناوبراوان ڕاگەیەندراوە.[٩٦]

Kurdish Human Rights Association
Komeley Mafî Mirovî Kurd

پێنج شەممە ٢٢-٠١-٠٩

١- زیندانی سیاسی کورد کەماڵ شەریفی، لە لایەن دادگای شوڕشی شاری سەقز حوکمی ٣٠ ساڵ زیندانی بە سەر دا سەپێندراوە.[٩٧]

٢- کچێکی تەمەن ١٨ ساڵە بە ناوی سۆهەیلا کەریمی خەڵکی شاری جوانرۆ لە پارێزگای کرماشان، بە هۆی کێشەی کۆمەڵایەتی و کێشەی ناو بنەماڵە، ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا.[٩٨]

٩٣ ڕێکخراوی خوێندکارانی پارێزەری مافی مرۆڤی کوردستان
٩٤ رادیۆ فەردا
٩٥ ڕێکخراوەی چالاکانی مافی مرۆڤ لە ئێران
٩٦ ڕێکخراوی خوێندکارانی پارێزەری مافی مرۆڤی کوردستان
٩٧ کەمپێنی پشتیوانی کردن لە رۆژنامەوانی کورد،کەمال شەریفی
٩٨ ناوەندی هەواڵی نەورۆز تیڤی

٣- هاووڵاتیەکی کرماشانی بە ناوی ئیحسان فەتاحی کە نۆ مانگ پێش ئێستا لە لایەن هێزەکانی ئیتلاعاتی شاری کرماشان گیرابوو، بە تاوانی هاوکاری حیزبێکی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی، سزای ئیعدامی بە سەردا سەپا. ناوبراو پێشتر لە لایەن دادگای شۆڕشی شاری سنە سزای ١٠ ساڵ زیندان و دوورخستنەوە بۆ شاری ڕامهۆرمۆز، سزا درابوو، بەڵام لە دادگای پێداچوونەوە سزاگەی بە لە سێدارەدان، گۆڕدرا.[٩٩]

---

جۆمعە ٠٩-٠١-٢٣

١- بە هۆکاری کەمتەرخەمی بەرپرسیارانی زانکۆی ئورمیە، کچێکی خوێندکار کورد بە ناوی سومەیە عیزەتی، خەڵکی شاری کرماشان ژیانی لە دەست داوە[١٠٠].

٢- هێزەکانی نیروی ئێنتێزامی لە شاری پاوە و نۆتشە، هێرشیان کردووەتە سەر ماڵی خەڵک و دەستیان کردووە بە کۆ کردنەوەی ماهوارەکانیان[١٠١].

٣- کرێکارانی بەنداوی نەڵۆس لە نزیک گوندی چەپەراوی شاری شنۆ، ماوەی چەند ڕۆژە دەستیان داوەتە مانگرتن. ئەو کرێکارانە، هەتا ئێستاش مووچەی سێ مانگیان وەرنەگرتووە[١٠٢].

٤- دوو چالاکی ئەندامی شورای ژنانی شاری سنە بەناوەکانی پدرام نەسرۆڵلاهی و بۆرهان سەعیدی گیران.[١٠٣]

Kurdish Human Rights Association
Komeley Mafi Mirovi Kurd

٥- گیراوێکی گرتووخانەی مەهاباد بە ناوی جەلال سۆفی، تووشی نەخۆشی گورچیلە بووە و بارودۆخی جەستەیی نالەبارە. ناوبراو بە تاوانی هاوکاری حیزبێکی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی سزای ٦ مانگ گیرانی بەسەردا سەپێندراوە.[١٠٤]

---

شەممە ٠٩-٠١-٢٤

١- ئیحسان فەتاحیان، خەڵکی کرماشان، ٩ مانگ لەمەو پێش لە لایەن هێزەکانی ئیتلاعاتی ڕژیمی ئێران لە شاری کامیاران دەستگیر کرابوو، پێشتر لە دادگای شۆڕشی سنە حوکمی ١٠ ساڵ زیندانی بۆ بڕابۆوە، بەڵام بە هۆی نارەزایەتی دەربڕین لەو حوکمە، دۆسیەکەی بۆ پێداچونەوە ڕەوانەی دادگای پێداچوونەوەی پارێزگای سنە کرا[١٠٥] .

---

[٩٩] ڕێکخراوی خوێندکارانی پارێزەری مافی مرۆڤی کوردستان
[١٠٠] خەبەرنامەی ئەمیر کەبیر
[١٠١] کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کورد لە ئۆرووپا
[١٠٢] ئاژانسی ئێران خەبەر
[١٠٣] ئاژانسی موکریان نیوز
[١٠٤] کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کورد لە ئۆرووپا
[١٠٥] ڕێکخراوی خوێندکارانی پارێزەری مافی مرۆڤی کوردستان

٢- جەوانێکی کورد لە هەرێمی سەڵامس بە ناوی سەنجابی مامەدی لە لایەن هێزەکانی ڕژیمەوە دەستگیر کراوە. تا ئیستا هیچ زانیاریەک لە سەر جێگاو هۆکاری گرتنی سەنجابی ئەحمەدی نەزانراوە[١٠٦].

٣- کەسێکی بۆکانی بەناوی یوسف رەحمانی پوور لە سەرەتای مانگی ڕێبەندان بە تۆمەتی هاوکاریی پارتیەکی کوردی،لە لایان هێزکانی ئیتلاعاتی ڕژیمەوە دەستگیر کرا و، بۆ زیندانی مهاباد گوازرایەوە. یوسف رەحمانی پوور پێشتر بە تومەتی هاوکاریی پارتیەکی کوردی ،بە سێ ساڵ زیندانی و دوورخستنەوە بۆ زیندانی شەهرزای ئیسفەهان سزا درابوو.[١٠٧]

٤- ژمارەیەک لەخوێندکارانی کوردی زانکۆەکانی تاران و چالاکانی مەدەنی و سیاسی کورد بەدەر کرنی لێدوانێک دەستگیر جەاد عەلیزادە چالاکی مافی مروڤیان شەرمەزار کرد[١٠٨].

٥- کۆماری ئیسلامی ئێران بە مەبەستی لە ناوبردنی زمان و فەرهەنگی کوردی لە شارەکانی پارێزگای کرماشان، بڕیارێکی دەرکردووە کە بە پێی ئەو بریارە "ئیدارەی ناونوسکردن. ئیجازە بە خەڵک نادات کە ناوی کوردی لە منالەکانیان بنێن[١٠٩] .

Kurdish Human Rights Association
Komeley Mafî Mirovî Kurd

یەکشەممە ٠٩-٠١-٢٥

١- کەسێکی خەڵکی شاری سنە, بە ناوی " فەتحوللا سەفاری" تەمەن ٥٠ساڵە ماوەیەک لەمەوبەر لە لایان هێزەکانی ئیتلاعات لە ماڵەکەی خۆیدا دەستگیر کراو و ڕەوانەی شوێنی نادیار کراوە[١١٠] .

٢-گیراوێکی بۆکانی بە ناوی محەممەد ساڵح کوێخاشیرە، لە زیندانی مەهاباد بۆ زیندانی لاهیجان دوورخرایەوە. ناوبراو بە تاوانی هاوکاری حیزبێکی کوردستانی، بە ٨ ساڵ زیندان سزا دراوە.[١١١]

دووشەممە ٠٩-٠١-٢٦

١- سەرلەبەیانی رۆژی شەممەی رابردو کاتژمێر هەشت، هیزەکانی ئیتیلاعاتی سەر بە سپای پاسداران، دوای گەمارۆدانی گوندی خورخورەی سەر بە شاری سەڵماس، هەڵیان کوتایە سەر ماڵی یەکێک لە گوندنیشینان و کەسێکیان بەناوی سەید تاهیر محەمەدی دەست بە سەرکردووە. هێزەکانی ئیتلاعات پاشان وێرای لێدان و ئەشکەنجەی سەید تاهیر، لە گەل خۆیان بردووە و تائێستا هیچ زانیاریەک لە چارەنووسی لە دەست دانییە.

---

١٠٦ ڕێکخراوی خوێندکارانی پارێزەری مافی مرۆڤی کوردستان
١٠٧ ئاژانسی هەواڵی موکریان
١٠٨ ماڵپەری خوێندکارانی کورد
١٠٩ ناوەندی هەواڵی نەورۆز تیڤی
١١٠ ماڵپەری رۆژهەڵات
١١١ ئاژانسی موکریان نیوز

هاوکات چەند رۆژ لەمەو پێش شەش کەسی دیکە لە دانیشتوانی ئەو گوندە، بە هەمان شێوە دەستگیر کراون کە ناوەکانیان ئەمانەن: داوود پاشایی، داریوش پاشایی، ئەمیرئەحمەدی، سامان لاقیدی، جمهورپاشایی، مەحمود حەسەنی.[١١٢]

٢- چالاکێکی فەرهەنگی شاری مەهاباد، بە ناوی ئەمیر مسباح قازی لە لایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارەوە دەستگیر کراوە و دواتر بە مەبەستی لێپرسینەوە، بۆ ژوورەکانی تاکەکەسی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری ئورمیە ڕەوانە کراوە[١١٣].

٣- دوو خوێندکاری کورد بە ناوەکانی ڕەحیم مەحەمەدی و مەحەمەد سادقی و جەوانێکی ١٨ ساڵە بە ناوی بێهزاد، لە شاری ڕوانسەر لە پارێزگای کرماشان، لە ڕۆژانی ڕابرِدوو دا لە لایەن هێزەکانی ڕژیمەوە دەستگیر کراون[١١٤].

٤- خوێندکاری کورد،وریا مرۆوەتی دوێنێ لە لایەن لقی ٤ی دادگای شۆڕشی شاری سنە، بێ ئەوەی پارێزەر ئامادە ببێت ، دادگایی کرا[١١٥].

٥- هێزەکانی ئینتیزامی شاری سنە هێرشیان کردە دەسفرۆشانی ئەم شارە لە شەقامی فردۆسی و ژمارێکیان گرت.[١١٦]

Kurdish Human Rights Association
Komeley Mafi Mirovi Ku

---

سێ شەممە ٠٩-٠١-٢٧

١- ئێوارەی ڕۆژی شەممە، چەند کەسێک لە هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی مەهاباد، هێرشیان کردووەتە سەر دوکانی کاسبکارێکی ئەو شارە بە ناوی عەلی ڕووڕاستی تەمەن ٦٠ ساڵە. ناوبراو باوکی ٤ منداڵە و، دوای پشکنینی دوکانەکەی، عەلی ڕووڕاست دەستگیر کراوە و بە مەبەستی لێپرسینەوە ڕەوانەی ژورەکانی تاکەکەسی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری مەهابادیان کردووە[١١٧].

٢- ئومید وەلیزادە نووسەری وێبلاگی،جوانڕو نیوز و چالاکی سیاسی و خەڵکی شاری جوانڕۆ دوێنێ شەو لە لایەن هیزەکانی حێفازەت ئیتلاعات دەستبەسەر کرا[١١٨].

٣-کرێکارانی شارداری کرماشان بە هۆی نەگرتنی موچەی مانگانە، دەسیان داوەتە مانگرتن.[١١٩]

---

چوارشەممە ٠٩-٠١-٢٨

[١١٢] ڕێکخراوەی خوێندکارانی پارێزەری مافی مرۆڤی کوردستان
[١١٣] ماڵپەری رۆژهەڵات
[١١٤] ڕێکخراوی خوێندکارانی پارێزەری مافی مرۆڤی کوردستان
[١١٥] ڕێکخراوەی خوێندکارانی پارێزەری مافی مرۆڤی کوردستان
[١١٦] ئاژانسی ئێران خەبەر
[١١٧] ڕێکخراوی خوێندکارانی پارێزەری مافی مرۆڤی کوردستان
[١١٨] ماڵپەری جوانڕۆ نیوز
[١١٩] کوردستان و کورد نیوز

١- کەسیک بە ناوی فایەق ڕووڕاست لە تەک پووری بە ناوی هاجەر ڕووڕاست دوێنێ سەر لە بەیانی لە ماڵەکەی خوێاندا لە شاری مەهاباد لە لایەن کار بە دەستانی ئیتلاعاتەوە دەستگیر کران.
بە پێ سەرچاوەکە، کامپیۆتێر و کتێبەکانی ناوبراوو زەوت کراون،
هەر لە شاری مەهاباد کەسیک بە ناوی ئیبراهیم قادر پوور ئەقدەم، شوفێری تاکسی بانگهێشتی ئیدارەی تاکسیرانی ئەو شارە کراوە و لە وێ لە لایەن هێزەکانی ئیتلاعاتەوە دەستگیر کراوە، کە تا ئیستا هیچ زانیاریەک لە چارەنووسی ناوبراو بە دەستەوە نیە.
لە لایەکیتر ٣کەسی خەڵکی گوندی قۆم قەڵا سەر بە شاری مەهاباد بە ناوەکانی هیوا پورمەند،وەهاب فەتاحی و جەلال عەزیز مورادی لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردووەدا لە لایەن هێزەکانی ئیتلاعاتەوە لە ماڵەکانی خوێان دەستگیر کراون کە تا ئیستا لە هوکارەکانی دەستگیری ئەو ٣ کەسە هیچ زانیاریەک نەزانراوە[١٢٠].

---

پێنج شەممە ٠٩-٠١-٢٩

١- ژنێکی ٥٠ ساڵە بە ناوی رابیعە لە هەرێمەکانی خۆی، قۆڵبەستکرا و لەژێر ئەشکەنجەدا ڕاگیراوە.[١٢١]

٢- دەوڵەتی ئێران و تورکیە بە ئامانجی گۆڕانی مەسیری ئاوەکانی کوردستان، بەنداو ساز دەکەن کە بریتین لە ٦ بەنداو لە ناوچە سنووریەکانی کوردستانی عێراق و تورکیە و ٥ بەنداوی دیکە لە سنووری کوردستانی ئێران و عێراق.[١٢٢]

Kurdish Human Rights Association
Komeley Mafî Mirovî Kurd

---

جومعە ٠٩-٠١-٣٠

١- بە پێی سەرچاوە هەرێمیەکان دوێنێ هێزەکانی سوپای پاسداران بەمەبەستی داخستنی دەروازەی سنوور روویان لە ناوچەکە کرد، لە ئەنجامدا شەش کاسبکاریان بریندار کردووە چەندین ئۆتۆمبێل سووتان و چەندین وڵاغیش بە گوللە لەناوچون. دواتر لە لایەن خەڵکی ناوچەکەوە، بریندارەکان بۆ نەخۆشخانەکانی سەردەشت و ورمێ گوازراونەتەوە.[١٢٣]

٢- چالاکێکی ئایینی کورد بە ناوی شۆڕش مێهدی خانی، بە تۆمەتی پێوەندی لە گەڵ یەکێک لە جووڵانەوەکانی ئایینی و هەروەها هەوڵدان لە دژی ئاسایشی نەتەوەیی، جارێکی دیکە حوکمی لە سێدارە دانی لە لایەن دادگای پێداچوونەوەی شاری سنە، پشت ڕاست کراوەتەوە[١٢٤].

---

١٢٠ ئاژانسی موکریان نیوز
١٢١ ڕێکخراوی خوێندکارانی پارێزەری مافی مرۆڤی کوردستان
١٢٢ هەواڵنێری فورات
١٢٣ ڕێکخراوی خوێندکارانی پارێزەری مافی مرۆڤی کوردستان
١٢٤ ڕێکخراوی چاوەدێرانی مافی مرۆڤی کوردستان

٣- فێرگەی زمانی کوردی لە شاری قۆروە داخراوە. بە وتەی خاتوون حەبیبی، بەرپرسی ئەم فێرگەیە، ئەم ناوەندە ماوەیەک پێش ئێستا لە لایەن کاربەدەستانی دەوڵەت داخراوە.[١٢٥]

---

شەممە ٠٩-٠١-٣١

١- مێهرداد کەمانگەر برای مامۆستای زیندانی کورد فەرزاد کەمانگەر کە حوکمی لە سێدارەدانی بەسەردا سەپێندراوە، بە تاوانی ئەوەی کە لە سەر رەوشی براکەی زانیاری ڕاگەیاندووە و لەگەڵ راگەیاندنەکانی دەرەوەی ولات، وتووێژی ئەنجامداوە و بە تاوانی ئەوەی کە لە رێپێوانی خەڵکی کامیاران کە بۆ پشتگیری کردن لە ئازادی فەرزاد کەمانگەر بەشداری کردووە، لە لایەن هێزەکانی ئیتلاعاتەوە لە دادگای شۆرشی شاری کامیاران، سکاڵای لەسەر کرایەوە.[١٢٦]

Kurdish Human Rights Association
Komeley Mafî Mirovî Kurd

Kurdish Human Rights Association
Komeley Mafî Mirovî Kurd

**کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کورد لە ئۆرووپا**

---

١٢٥ رێکخراوەی مافی مرۆڤی کوردستان
١٢٦ رێکخراوەی چالاکوانانی مافی مرۆڤ لە ئێران

www.kmmk.info
info@kmmk.info
٠٠٤٦ ٧٦ ٣٤٧ ٠٠٦٩

Kurdish Human Rights Association
Komeley Mafî Mirovî Kurd